هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگبێژ دەبێت، بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا)^، ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت

لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگبێژ دەبێت، بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا)^، ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت». ^(واتە: شاهێدی دەدەم بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە اللە، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە، وڕازی بووم بەوەی کە اللە پەروەردگارم بێت، وڕازی بووم بەوەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەرم بێت، وڕازی بووم بەوەی کە ئیسلام ئاینم بێت).

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگبێژ دەبێت، بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ : شاهێدی دەدەم بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە اللە، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە): واتا دان دەنێم وجەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی هیچ پەرستراوێك هەق وڕاست نییە بپەرستڕێت جگە لە اللە، وپەرستراو وپەرستنی جگە لە اللە پوچەڵە. (وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ : وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە): واتا ئەو بەندەیە وناپەرستڕێت، وپێغەمبەرە بەدرۆ ناخرێتەوە. (رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا : ڕازی بووم بەوەی کە اللە پەروەردگارم بێت): ڕازیم بە پەروەردگارێتی وئولوهیەتی -پەرستراوێتی- وناو وسیفەتەکانی. (وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا : وڕازی بووم بەوەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەرم بێت): واتا ڕازیم بە هەموو ئەو پەیامەی پێی نێردراوە، وپێمانی گەیاندووە. (وَبِالْإِسْلَامِ : وڕازی بووم بەوەی کە ئیسلام): واتا بە هەموو حوکمەکانی ئاینی ئیسلام لە فەرمانپێکراوەکان ونەهی لێکراوەکان. (دِينًا : ئاینم بێت): واتا لە بیروباوەڕە وملکەچم وفەرمانبەردارم بۆی. (ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت): تەنها لێخۆشبوونی گوناهە بچووکەکان دەگرێتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6272